Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080304

# لەیەکچون وجیاوازی نێوان گریمانەی پێشەکی و واگەیاندن(ئینتەڵمێنت)

نەوزاد ئەنوەر عومەر
زانکۆی کۆیە

شیروان حسێن حمد
زانکۆی ڕاپەڕین

*Article Info*

Received: June , 2021
Accepted : July ,2021
Published :October ,2021

*Keywords*

**گریمانەی پێشەکی، واگەیاندن ئینتەڵمێنت**

*Corresponding Author*

nawzad.anwer@koyauniversity.org

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی واتاسازی ڕستەدا، بە ناونیشانی (لەیەکچون و جیاوازی نێوان گریمانەی پێشەکی و واگەیاندن (ئینتێلمێنت) ە ، ئەم دو دیاردەیە زۆر لێك نزیکن، زۆرجار زمانە وانانیش بەیەکیان داناون، یان ئەوەتە تێکەڵاو بەیەکتریان کردوە، کردەی پەیوەندیکردن، کاریگەریی نێوان دوو کەس یان زیاترە بۆ قسەکردن لەسەر کردەکە، بۆ ئەوەی پەیوەندی لەنێوانیاندا دروستبێت. لە زماندا واتای فەرهەنگی وشەکان ناتوانن هەموو ئەوشتانەی قسەکەرەکان دەیانەوێت باسیان بکەن و بیگەیەنن، چونکە زیاتر لەواتایەک دەدەنە پاڵ وشەیەک، ئەمەش وادەکات کە وشەکان زیاتر لە خوێندنەوەیەک هەڵبگرن. بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشایە قسەکەرەکان چەندان ڕێگای تر دەگرنەبەر بۆ شیکردنەوەی کۆدەکان و تێگەیشتن لەمەبەستی قسەکەر.

ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمە باس لە دوو بابەتی (( گریمانەی پێشەکی و واگەیاندن )) دەکات، کە لەکردەی لەیەکگەیشتندا ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاو دەبینن، هەردو بابەتەکەمان بەنمونەی زمانی کوردی شیکردۆتەوە.

ئاخاوتن لەنێوان دوو کەس یان زیاتر بەزمانێکی هاوبەش لەسەر گریمانەی پێشەکی بەڕێوەدەچێت گریمانە پێشەکییەکان مامەڵە لەگەڵ هەبونی مەرجی پێشینەی دەربڕین دەکات، بەتایبەتی ڕاستیی چەمکی، گریمانە پێشەکییەکان سودێکی زۆری بۆ ماندونەکردنی خوێنەر هەیە، لەگریمانە پێشەکییەکاندا وەرگر پشت بەزانیارییە پێشینەکانی پێشوی دەبەستێت و زانیارییە نەگوتراوەکان لە ئاخاوتنەکە هەڵدەهێنجێت. بابەتی واگەیاندن (پەیوەستبونی واتایی) ، گوێ بەتێروانینەکانی قسەکەر نادات، بەڵکو زۆرتر گرینگی بەواتای فەرهەنگی دەربڕینەکان دەدات، بەشوێن ئەو پەیوەندییە لۆژیکیانەدا دەگەڕێت، کەواتای وشەو لۆژیک بەشێوەیەکی توندوتۆڵ بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بۆیە دەبێت هەمیشە بیرمان بۆلای ئەو جیهانە لۆژیکییەدا بچێت، کە هاوتایە لەگەڵ ئەو بارودۆخ و ڕوداوانەی دەربڕینەکان لێوەی دەدوێن.

**پێشەکی**

ئەم لێکۆڵینەوەیە ، بە ناونیشانی (لەیەکچون و جیاوازی نێوان گریمانەی پێشەکی و واگەیاندن) هەوڵێکە بۆ ناساندنو دیاریکردنی سنوری نێوان دو دیاردەی زۆر لەیەك نزیکی سیمانتیکی لە چوارچێوەی واتاسازی ڕستەدا ، ئەوانیش گریمانە پێشەکی (presupposition)و واگەیاندن (entailment) .ئەم دو دیاردەیە زۆر لێك نزیکن، زۆرجار زمانەوانانیش بەیەکیان داناون، یان ئەوەتە تێکەڵاو بەیەکتریان کردوە، کە لەڕاستیدا، دو دیاردەی جیاوازن، هەر ئەمەش پاڵنەرو هۆکار بو بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە، ئەم توێژینەوەیە بەپێی ڕێبازی وەسفی و بە کەرەستەی زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست ئەنجام دراوە، لە پێشەکییەكو دوو بەش پێك دێت، بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ ناساندن و تایبەتمەندیو جۆرەکانی گریمانەی پێشەکی، بەشی دووەم تەرخان کراوە بۆ ناساندنو بوارەکانی واگەیاندن و سنوری نێوان گریمانەی پێشەکی و واگەیاندن. لە کۆتایشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕو .

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

**بەشی یەکەم**

١-١ : **چەمكو واتای گریمانەی پێشەکی**

زاراوەی presupposition وشەیەکی ئینگلیزییەو لە دو بەش پێك هاتووە(per) : کە بە واتای (پێش) یان (بەرلە) دێتو (supposition) کە بەواتای (گریمانە) یان (وادانان) دێت. بە فارسی (از پیش انگاری) بۆ دانراوە. گریمانەی پێشەکییەکان بریتین لە هەڵێنجانی واتایەك لە دەربڕینێکی دیاریکراودا، لەلایەن وەرگرەوە. چونکە وەرگر گریمانەی پێشەکی بەلەبەرچاوگرتنی دەقی گوتنەکەو زانیاری دیاریکراوی تر دەکات .

چەمکی گریمانەی پێشەکییەکان بوارێکی فراوان دەگرێتەوە، لەوانە زانیاری گشتی دەوروبەری بارو داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان ئاخێوەران...هتد. هەر گۆڕانێك، کە ئاڕاستەی وەرگر دەکرێت، گریمانە دەکات، کە لەلایەن بەرامبەرەکەی هەندێك زانیاری پێویست هەیە، هەر بۆیەش ئاماژەی پێ ناکات. (دزەیی 119، 2011)

گریمانە پێشەکییەکان سودێکی زۆری بۆ ماندونەکردنی خوێنەر هەیە، گریمانە پێشەکییەکان دیوێکی تری هەیە، ئەویش زانیاری پێشینەیە، کە وەرگر پشت بە زانیارییەکانی پێشوی دەبەستێت و زانیارییە نەگوتراوەکان لە ئاخاوتن (دەق)ەکە هەڵدەهێنجێت .

لەم بارەیەوە (ستالنکر) دەڵێت: پەیوەندی کردن گونجاو نابێت، ئەگەر هاوبەشەکانی ئاخاوتن (نێرەر و وەرگر) باگراوندێکی هاوبەشیان نەبێت،ئەم باگراوندە پێویستە بۆ پەیوەندیکردنێکی سەرکەوتو، ئەگەر ئەم باگراوندە نەبێت، ئەوا زۆر زانیاری شاراوە هەیە بەدەست نایەت. (علی، 2014,152)

گریمانە پێشەکییەکان سودی زۆری بۆ ماندونەکردنی خوێنەر دواتریش پەیامێکە بۆ خوێنەر هەروها ڕوێکی تریشی هەیە، ئەویش پاشخانە، کە گوێگر بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی پێشوی خۆی ڕاستییە نەگوتراوەکان لێکدەداتەوە لە دوتوێی دەقەکەدا دەرکپێدەکات، ئەم توانایەش پێی دەوترێت پاشخان، کە پێشتر لە مێشکی مرۆڤدا هەبووە، لە کاتی ڕوبەڕوبونەوەی لەگەڵ گوتنە جۆراوجۆرەکاندا چالاك دەبێت. (دزەیی119 ،2011) گریمانە پێشەکییەکان کۆمەڵە زانیارییەکن، کە قسەکەر پێشەکی گریمانەی ئەوە دەکات، کە گوێگر دەیانزانێت و پێویستی پێیان نییە، بۆیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسیان ناکات، بەڵام گوێگر لەپەنای هەندێك زانیاری تری ناو ڕستەکەوە، گریمانەی پێشەکییەکان دەدۆزێتەوە. (علی80 ،2000 )

- ئەگەر کورد چیای نەبووایە لەمێژبو لەناوچو بو .

<< داگیرکەرانی کوردستانو دوژمنانی کورد هەمیشە هەوڵیان داوە کورد لەناو ببەنو کوردستان داگیربکەن و کوردیش بۆ پارێزگاری لە خۆی دەچێتە چیاکان و چیاکان دەکاتە پەناگەی خۆی بۆ ژیانو شەڕکردن.

(فریگە) گریمانەی پێشەکی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێت :

١- فرێزی کات و فرێزی ناوی هەڵگری سیمای گریمانەی پێشەکین .

٢- هەر ڕستەیەك ڕاست بێت گریمانەی پێشەکی تێدایە .

٣-گریمانەی پێشەکی بۆ ڕستەیەکی ئەرێ، ڕستەکە بکرێتە نەرێش هەر هەمان گریمانەی پێشەکی دەبێت (Livinson 170 ,1997) .

**٢-١ تایبەتمەندییەکانی گریمانەی پێشەکی**

١-یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی گریمانەی پێشەکی ئەوەیە، کە چۆن لەباری (حاڵەتی) ئەرێ بەدەست دێن، لە باری (حاڵەتی) نەرێش بەهەمان شێوە ئەرێییەکە بەدەست دێت، وەکو :

-ئازاد جگەرەی تەرك کردووە .

-ئازاد جگەرەی تەرك نەکردووە .

گریمانەی پێشەکی لە ڕستەی یەکەم ئەوەیە، کە ئازاد جگەرەی کێشاوە. ڕستەی دووەم نەرێی ڕستەی یەکەمە، بەڵام هەمان گریمانەی پێشەکی ڕستەی یەکەمی هەیە، واتە بەنەرێ کردنی ڕستەکان گریمانە پێشەکییەکان وەك خۆیان دەمێننەوە .

٢-گریمانەی پێشەکی دەکرێت هەر لە ڕۆنانی ڕستەکەدا بەدەست بێت، وەکو :

-نەسرین هات (نەهات) بۆ زانکۆ .

لەم ڕستەی سەرەوەدا چ هاتبێت یان نەهاتبێت، گریمانەی ئەوە دەکات، کە (نەسرین) هەوڵی داوە بێتە زانکۆ، ئەو گریمانە هەر لە ڕستەکەوە بەدەست هاتووە .

٣-توانای لادان، خاڵی سەرەکی لەبارەی لادان ئەوەیە، کە گریمانەی پێشەکی هەمو کاتێك لە دەوروبەری زمانیدا نامێنێتەوە. (کەریم 55 ، 2009 )

أ- لە هەندێك ڕستەدا، کە بکەرەکە کەسی یەکەم بێت و کردارەکەیشی نەرێ کرابێت، ئەوا گریمانەی پێشەکیەکە سەرناگرێت :

-من نازانم ئازاد تاقیکردنەوەکەی کردووە، یان نا .

ئەم ڕستەیە، گریمانەی ئەوە ناکات، کە ئازاد تاقیکردنەوەی کردووە .

ب- کاتێك کە وتەیەك دەردەبڕدرێت هەندێك زانیاری دونیایی دەربدەخەن، کە گریمانەی پێشەکییەکە نەگونجاوە، وەکو :

١-نەرمین بەر لەتەواوکردنی خوێندنەکەی گریا .

٢-نەرمین بەر لەتەواوکردنی خوێندنەکەی مرد .

٣-نەرمین خوێندنەکەی تەواوکرد .

ڕستەی یەکەم گریمانەی پێشەکی ڕستەی سێیەم دەکات، بەڵام ڕستەی دووەم گریمانەی پێشەکی ڕستەی سێیەم ناکات، چونکە ئەو گریمانە پێشەکییەی بۆ ڕستەی یەکەم دەگەڕێتەوە، ناچێتە ناو زانیارییەکانی ڕستەی دووەم، چونکە زانیارییەکانی دونیایی و ڕاستییەکان (مەنتیق)ی ناو ڕستەی دووەم لەگەڵدا ناکۆکە، ئەوەی کە ڕستەی سێیەم بەڕاستی دادەنێت .

پ- ئەو ڕستە ئاڵۆزانەی کە (ئەگەر، دواتر، یان ئەمە یان ئەمە...هتد) بەشداری لە ڕۆنانیاندا دەکەن، هەندێك جار گریمانەی پێشەکی هەڵدەوەشێننەوە .

- ئەگەر ئاراز ئۆتۆمبیلی هەبێت ، حەز لە گەشت و سەیران دەکات .

ئەم ڕستەی سەرەوە گریمانەی پێشەکی ئەوە ناکات، کە ئاراز ئۆتۆمبیلی هەیە .

ت- کاتێك، کە بەڵگەی ڕاستی پەیدادەکەیت و لەگەڵ گریمانەی پێشەکییەکەدا بەراوردی دەکەیت، گریمانە پێشەکییەکە هەڵدەوەشێتەوەو نامێنێت.

-پێش ئەوەی دارا پۆستی بەڕێوبەری وەرگرێت ، لیستی ناوی بەڕێوبەرە گەندەڵەکان لە ڕۆژنامەدا بڵاوکرایەوە.

ئەم ڕستەیە گریمانەی پێشەکی ئەوە ناکات، کە دارا ناوی لە لیستی بەڕێوبەرە گەندەڵەکاندا بێت .

ج- لەڕستەی پرسیارو فەرماندا، گوێگر کە بە نەرێ وەڵامی قسەکەر دەداتەوە دەتوانێت گریمانەی پێشەکی ڕستەکە هەڵبوەشێنێتەوە و پەیوەست نەبێت بەدەوروبەری گوتنەکەوە و نەچێتە ژێر باری ڕاستیو ناڕاستی ئەو گریمانە پێشەکییەی، کە ڕستەکە لەخۆی دەگرێت .

-دارا: ئەو پارەیەی دزیوتە بیهێنەوە .

-نەسرین: من لە ماڵەوە بووم و ئێستا هاتومەتە دەرەوە .

نەسرین کە وڵامی دارای داوەتەوە گریمانەی پێشەکی ڕستەکەی هەڵوەشاندۆتەوە، کە پارەی دزیوە .

**١-٣جۆرەکانی گریمانەی پێشەکی**

گریمانەی پێشەکی بە پێی سروشت و مەبەستیان بۆ چەند جۆرێك دابەش دەبێت لە دیارترینیان :

**١-٣-١گریمانەی پێشەکی سیمانتیکی:** ئەم چەشنە گریمانە لە ئاستی واتای ڕستەکاندا کاردەکات و یەکێکە لە پەیوەندییە سیمانتیکییەکان بە شێوەیەك، کە تەنگاوتەنگی لەگەڵ فرێزەکانی ناو ڕستە(فرێزی ناوی ، فرێزی کاری)دا هەیە. هەروەها گریمانەی پێشینەی سیمانتیکی سیما سیمانتیکییەکانیش دەربدەخەن، کە ئەمەش ئەمە دەگەیەنێت هەر سیمایەك بە شاراوەیی گریمانەیەکی پێشەکی هەیە. وەکو :

پیاو: {+مرۆڤ، +هەراش، +نێر، +عاقڵ، +بیرکردنەوە}

گریمانەی پێشەکی سیمانتیکی پشت بە بەهای ڕاستی لێکسیمە سیمانتیکییەکان دەبەستێت و زانیاری لە دەوروبەرەوە وەرناگرێت، بەڵکو پشت بە زانیارییەکانی ناو ڕستە دەبەستێت .

زانا(ستراوس) یاسایەکی بۆ گریمانەی پێشەکی دانا :

-ئەگەر A ڕاست بێت ئەوا B ڕاست دەبێت .

-ئەگەر A هەڵە بێت ئەوا B هەر ڕاست دەبێت .

١-پەرتوکەکە بدە بە ئازاد .

٢- بە شێوەیەکی نهێنی پەرتوکەکە مەدە بە ئازاد .

٣- پەرتوکەکە بدە بە ئازاد .

ڕستەی یەکەم گریمانەی پێشەکی ڕستەی سێیەم دەکات، ڕستەی دووەمیش کە نەرێی ڕستەی یەکەمە، هەمان گریمانەی پێشەکی ڕستەی یەکەم دەکات، واتە ڕستەی سێیەمیش گریمانەی پێشەکی ڕستەی دووەمە .

**١-٣-٢ گریمانەی پێشەکی دەرونی:** قسەکەرو گوێگر لە کاتی کردەی لێکگەیشتنندا هەندێك ئامادەکاری دەرونی لە یەکتریدا دروست دەکەن بۆ گەیشتن بەو ئەنجام و پەیوەندیەی مەبەستیانەو، ئەم سازدانە دەرونییەش لە ڕێی گریمانە دەرونییەکانەوە دەبێت. (گریمانەی پێشینەی سایکۆلۆژی کردەیەکە بۆ بەکارهێنانی ڕستە، بەمەبەستی قسە لەسەرکردنی هەندێك زانیاری کە گومانیان لێ دەکرێت بەشکراوبن لەنێوان قسەکەرو گوێگردا.)(محمود 98 ، 2006). ئەم جۆرە گریمانەیە پەیوەستە بە دەرونی نێرەرەوە. قسەکەر زانیاری نوێ بەهۆی ئاستی ڕوکەشی دروستەکەوە بە گوێگر دەبەخشێت. وەکو :

١-گوتی لای کەس باسی ناکەم .

٢- پێت گوت لای کەس باسی نەکات .

لە ڕستەی (1، 2) گریمانەی دەرونییەکە ئەوەیە، (دەبێت لەلای کەس باسی نەکات.)، بەڵام ئەو زانیارییەی کە لە ڕێگا ئاوازەی ڕستەکەوە گەیەنراوە ئەوەیە: (وا دەردەکەوێت لەلای کەسانی تر باسی کردبێت.) بەمەش گریمانەی پێشینە دەرونییەکە لە نێوان قسەکەرو گوێگردا لە ڕێی ئاوازەی ڕستەکەوە دەگوازرێتەوە، بەبێ ئاوازەکەش گریمانەکە شوێنی خۆی دەگرێت. لە گریمانەی پێشینەی دەرونیدا ڕستە پەیوەستە بە دەوروبەرەوە بەهۆی پابەندبونێکی بابەتیانەوە بەو واتایەی جەختی دەوروبەر بۆ ڕستەکە لەسەر کام بابەتە بێت ئەوا گریمانەکە ئەو حاڵەتە دەردەبڕێت .

**١-٣-٣گریمانەی پێشەکی پراگماتیکی**: گریمانەی پێشەکی پراگماتیکی پشت بە دەوروبەر دەبەستێت، واتە بۆ هەڵهێنجانی گریمانەی پێشەکی پراگماتیکی زانینی مەبەستی، قسەکەر دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکەی تێدا ئەنجامدراوە. گریمانەی پێشەکی پراگماتیکی دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە .

**١-٣-٣-١ گریمانەی پێشەکی بون:** بەشێوەکی گشتی گریمانەی پێشەکی بون لە زۆربەی فرێزە ناوییەکاندا هەیە، لەم جۆرەدا قسەکەر بەهۆی ئەو فرێزە ناویانەی بەکاریاندەهێنێت پابەندبونی خۆی بە بونی ئەو شتانەی کە ناویان دەهێنێت، دوپاتدەکاتەوە بە هۆی ڕۆنانی خاوەنداریەتی و ناسراوی و نەناسراوی و فرێزی دیارخەرییەوە، (Yule 27 , 2011) .

-ئازاد و منداڵەکانیم دیت .

>>ئازاد ژنی هەیە و منداڵیشیان هەیە .

>>لە منداڵێك زیاتری هەیە .

>>ئازاد لەگەڵ ژنەکەی دێتە دەرەوە .

**١-٣-٣-٢گریمانەی پێشەکی ڕاستەقینە:** هەندێك کردار هەن، گریمانەی پێشەکی ڕاستەقینە دەبەخشن، چونکە ئەو زانیارییەی کە لە دوای

کردارەکەوە دێت وەکو ڕاستییەك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. (کەریم 84 ، 2009)

-هەموو کەس دەزانێ، کە گەندەڵی لەناو دام و دەزگاکانی حکومەتدا هەیە .

لەم ڕستەیەدا ئەو زانیارییەی کە لە دوای کرداری (دەزانێ) هاتووە بەڕاست گریمانە دەکرێت، واتە گەندەڵی لەناو دامو دەزگاکانی حکومەتدا هەیە.

**١-٣-٣ گریمانەی پێشەکی ڕۆنانی:** لەم حاڵەتدا ڕۆنانی ڕستەیەکی دیاریکراو وا شیدەکرێتەوە کە بەشێوەیەکی سیستەماتێکی پێشگریمانەی ئەو بەشەی ڕۆنانی ڕستەکە دەکات کە ڕاستە. نێرەر ڕۆنانێکی لەم جۆرە بەکاردێنێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکەدا، بەجەختکراوەیی دروستە و وەرگریش پێشگریمانەی دروستی ئەو زانیارییەی لێدەکات، ئەم چەشنە بۆ ئەو گریمانەیە بەکاردەهێنرێت، کە لە ڕستەی پرسدا هەیە، بەتایبەتی ڕستەی پرسیار کە لە وشەی پرس پێکهاتبێت، ئەو زانیارییەی دوای وشەی پرس دێت وەك گریمانەی ڕاستەقینە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. (کەمال 105،2009) وەکو :

-کەی خوێندنەکەت تەواوکرد؟

>>خوێندنی تەواوکردوە .

**١-٣-٤ گریمانەی پێشینەی ناڕاستەقینە:**لەم جۆرە گریمانەیەدا کۆمەڵە فرێزێک دێن و گریمانەی پێشەکی ئەوەدەکەن، کە زانیارییەکی دیاریکراو و دروست نییە،واتە گریمانەی پێشەکی ناڕاستەقینەی زانیاری ڕستەکە دەکەن. ژمارەیەک کرداری وەک (خەوبینین ، وازانین ، واپیشاندان ، وادانان ، تەسەورکردن...هتد). گریمانەی پێشەکی ناڕاستەقینە دەبەخشن واتە ئەو زانیاریانەی دەکەوێتە دوای کردارەکانەوە بەشیوەیەکی ناڕاست گریمانە دەکرێن.(Yule 29 , 2011).

- لە خەونمدا بو کورد بو بو بە دەوڵەت.

**١-٣-٥ گریمانەی پێشەکی دژە واقیع:**ڕستەی مەرجی و گومانیی ئەم چەشنە گریمانەی پێشەکی دروستدەکەن.لێرەدا ئەم گریمانەیە نەک تەنها هەڵەیە، بەڵکو دژ بەڕاستیشە بەو واتایەی لە پلەی نالۆژیک بونەکەیدا گریمانەی پێشینەی ناڕاستەقینە زیاترەو سنوری بەستنەوەی قسەکەر بەدەوروبەرو دونیاوە پچراوە، و بەشێوەیەک هیچ مەودایەکی بۆهاتنەدی نەهێشتۆتەوە.(محمود ، ٢٠٠٦).

- ئەگەر ئازاد بیخوێندبوایە دەبو بەدکتۆر.

>>ئازاد نەیخوێندوە.

**١-٣-٦ گریمانەی پێشەکی لێکسیکی(فەرهەنگی):**بەکارهێنانی فۆرمێکی جەختکراوە کاتێک، کە بەواتای جەختکراوەیی بەکارهاتبێت، بێگومان کاتێک کە وشەکە لە ڕوی فەرهەنگییەوە ئەم واتایە بگەیەنێت، ئەمجۆرە گریمانە لەم کردارانە دەکەوێتەوە(توانین ، وازهێنان ، دەستکردن بە، بڕیەوە ، کۆتاییپێنا ،دەستی پێکرد ...هتد.). (کەمال ، ٢٠٠٩)

- ئاراز فێری شوفێری بوە.

>>ئاراز شوفێری دەزانێت.

**١-٣-٧ گریمانەی پێشەکی شاراوە(متبو):** پابەندبونەکانی ئەم چەشنە گریمانە زیاتر بەدەوروبەرەوەیە، کە تێیدا قسەکەر زیاتر جەخت لەسەر دەوروبەر دەکات و لەناو ڕستەدا زیاتر مەبەستێکی دیاریکراوی هەیەو جەختی دەخاتە سەر ،بەمەبەستی ناسینەوەی لەلایەن گوێگرەوەو شیکردنەوەی، بەو پێیەی ئەو دەیەوێت، ڕستەکە گەیەنراوبێت. (مەحمود 108، ٢٠٠٦).

- کەم بخۆ بازیاتر قەڵەو نەبیت.

>> تۆ قەڵەویت.

**بەشی دووەم:**

**٢-١ واگەیاندن(Entailment )**

لە نێو پەیوەندییە واتاییەکاندا، زۆرکەم باس لەم پەیوەندییە دەکرێت، زۆربەیان لە هەردو ئاستی وشەو ڕستەدا دەردەکەون، بەڵام ئەم پەیوەندییە واتاییە تەنها لە ئاستی ڕستەدا دەردەکەوێت. بەشێوەکی گشتی ئەم واگەیاندنە پەیوەندی نێوان دو ڕستە دیاریدەکات کە چەمکی یەکێکیان پەیوەستە بە چەمکی ئەویتریانەوە. (چەمکی ڕستەیەك پەیوەستە بە چەمکی ڕستەیەکی تر بەدەربڕینێکی سادەتر، ڕستەی (أ) پەیوەستە بە پشتڕاست کردنەوەی ڕستەی (ب).)( صفوی135، 1387) لەم ڕووەوە با تەماشای ڕستەی 1و 2 بکەین . :

١- أ- پشیلەکەی بەهرام زاوە.

ب- پشیلەکەی بەهرام مێیە .

٢- أ- نەهەنگ شیر دەدات بە بەچکەکەی .

ب- نەهەنگ مەمکدارە .

بەسەرنج دان لە نمونەکانی (1)و (2) دەتوانین پەیوەستی واتایی، پەیوەندی نێوان چەمکی ڕستەکان بزانین ،کە لەسەر بنەمای هەلومەرجی تەواوکاری و پێویستێتی وشەکان بەیەکترییەوە، وەستاوە. لە نمونەی (1)دا مەرجی پێویست بۆ (زان) (مێ بون)ە. لە ڕستەی (2) دا شیردان دەبێت مەرجی (مەمکدار)ی هەبێت .

ئاستەکانی زمان و دانە زمانییەکان، کاریگەریان لەسەر دروست بون و پەیدابونی پەیوەندییە واتاییەکان هەیە، واگەیاندن (دیاردەیەکی سینتاکسی و فەرهەنگییە.) (احمد119، 2008) بەو مانایە دیاردەیەکی سینتاکسییە، کە تەنها لە چوارچێوەی ڕستەدا دەبینرێت، ڕستە وەك یەکەیەکی واتایی سەربەخۆ تەماشا دەکات .

زۆرجار بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستەیەك بەتەنها بە مۆرفێم و وشە ناگەینە ئەنجام، بۆیە دەبێت ڕستە خۆی وەك یەکەیەکی واتایی سەربەخۆ وەربگرین. ڕستە سەرباری ئەوەی، کە خاوەنی ڕۆنانێکی ڕێزمانییە، ڕۆنانێکی واتایی بەهێزیشی هەیە، بەجۆرێك (هەمو کاتێك واتای ڕستە لەکۆی واتای وشەکان پێك نایەت، بەڵکو زۆرجار ڕستە واتای وشە دیاریدەکات. (سیما وزیرنیا 79، 1379) واتای هەمو وشە پێکهێنەرەکانیش پێکەوە یەك چەمکی گشتی دەدەن، ئەم چەمکەش هەندێك جار دەبێت بە زیاتر لە چەمکێك، کاتێکیش قسە لەسەر پەیوەندی نێوان ئەو چەمکە جیاوازانە دەکەین.

دەچینە سەر باسکردن لەپەیوەندییە واتاییەکان لە چوارچێوەی ڕستەدا، کە یەکێك لەو پەیوەندییانە واگەیاندنە.

٣- أ- باوکی ئەم خوێندکارە لە شەڕی داعشدا شەهیدکرا .

ب- باوکی ئەم خوێندکارە مردوە .

واتا و چەمکی ڕستەی (3-ب) پەیوەست بە ڕستەی (3-أ) و ڕستەی (3-أ) چەمکی ڕستەی (3-ب) دەگەیەنێت. ئەمە لەچوارچێوەی پێکهاتەیەکی سینتاکسیدا ڕوودەدات .

کاتێك دەوترێت، پەیوەست بونی واتایی دیاردەیەکی فەرهەنگییە، مەبەست لێ ئەوەیە، کە لێکسیمێکی فەرهەنگی وەکو وشە ئەم دیاردەیە دروست دەکات، بەنمونە :

٤- أ- مەیمون شیر بە بێچووەکەی دەدات .

ب- مەیمون مەمکدارە.

لێکسیمی (شیردان) پەیوەست بە چەمکی لێکسیمی (مەمکدار)بونەوە. (شیردان) واتای ئەوەش دەگەیەنێت کە (مەمکدار)ە، بەڵام بەپێچەوانەوە مەرج نییە. بۆیە هەم ڕەهەندی سینتاکسی و هەم ڕەهەندی فەرهەنگی ڕۆڵ لە دروستکردنی ئەم پەیوەندییە واتاییە دەبینن. ئەمە دەشێت لە گریمانەی پێشەکیشدا هەبێت، بەڵام دەبێت پەیوەندی نێوان ئەم دو چەمکە تەواوکاری بێت و لەسەر بنەمای لۆژیك بێت، حەتمی و پێش مەرج بێت، بەنمونە (شیردان) دەبێت و پەیوەستە بە (مەمکدار)ییەوە، بەڵام کاتێك دەوترێت :

٥-أ- ئازاد نامەیەکی لە هەولێرەوە بۆ ناردم

ب- ئازاد لە هەولێرە .

ناردنی نامە لە هەولێرەوە مەرج نییە، ئازاد هەر لە هەولێر بێت، بەڵکو دەشێ تەنیا لەو کاتەدا لە هەولێر بووبێت. بۆیە لە پەیوەست بونی واتاییدا هەمیشەییە، بەڵام لە گریمانەی پێشەکیدا دەشێ کاتی بێت .

**٢-٢ سیمای واتای و واگەیاندن .**

هەمو لێکسیمێك خاوەنی سیمای خۆیەتی، سیماکان لەسەر بنەمای دوانەیی binaryجەمسەرگیر دیاریدەکرێن کە بە نیشانەی (+، -) وێنادەکرێت. بەشێوەکی گشتی مەبەست لەسیما واتاییەکان یەکەی بەرامبەری‌و بچوکترین پێکهێنەری چەمکی وشەکەیە. (صفوی95، 1384) دیاریکردنی سیماکان تەنها پەیوەست نییە بە وشەکان، بەڵکو بچوکترین یەکەش کە فۆنێمەکانن خاوەنی چەند سیمایەکن کە دەبنە پێکهێنەری فۆنێمەکە. وەکو :

ب = {+کۆنسۆنانت، + گڕ، + لێوەکی}

ئەمە بۆ هەمو دانەیەك دروستە، کەواتە هەر دانەیەك چەند پێکهێنەرێکی هەیە، کە بەو پێکهێنەرانە دەگوترێت سیما. لە ئاستی فەرهەنگیشدا یەکە فەرهەنگییەکە خاوەنی چەند سیمایەکی سەرەکین، کە ئەم سیمایانە دەبنە تەواوکەرو پێکهێنەری چەمکی وشەکە، بەنمونە :

مانگا = {+گیانلەبەر +مێ، +شیردەر}

ئەمانە سیمای سەرەکین دەشێت، سیمای تری لاوەکیشی هەبێت، بەپێی بەکارهێنان و دەوروبەر، کە دەبن بە سیمای سەربار و توێکڵە واتا دروست دەکەن. بەنمونە {+زۆرخۆری }.

کاتێك مرۆڤ، هەربەك لەم یەکە فەرهەنگییانە بەکاردەهێنێت، بەپێی مەبەست یەکێك لە سیماکان زەق دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیماکانی تر ئامادەییان هەیە، پەیوەست دەبن بەیەکترییەوە، ئەم پەیوەست بونە لە سیما سەرەکیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و بەشێکی دانەبڕاون لەیەکتری بۆیە پەیوەست بونە بەیەکترییەوە. بەنمونە :

٥-أ- پشیلەکە شیر دەدات بە بەچکەکانی

ب- پشیلەکە مێیە .

سیمای {+شیردەر} پەیوەستە بە سیمای {+مێ}وە، ئەم پەیوەست بونە هەمیشەییە و ناشێت، ڕونەدات، واتە ناشێ سیمای {+مێ} بگۆڕین بۆ {-مێ}. بەمەش پەیوەست بونی واتایی لەڕێگەی سیما واتاییەکانەوە دروست دەبێت و هەر لەم ڕێگەیەشەوە دەناسرێتەوە .

٦-أ- کۆترەکەی ئازاد هێلکەی کرد .

ب- کۆترەکەی ئازاد مێیە .

مەرجی (هێلکەکردن) (مێبون)ە، بۆیە ڕستەی یەکەم پەیوەستە بە واتای ڕستەی دووەم، ئەمەش لە ڕێگەی سیما واتاییەکانەوە دیاریدەکرێت. ئەمە دەبێت لەسەر بنەمای لۆژیکی بێت، واتە لۆژیك سەلماندویەتی کە مەرجی هێلکە کردن مێبونە. بەپێچەوانەی گریمانەی پێشەکی کە مەرج نییە ئەم بنەما لۆژیکییەی هەبێت. بەنمونە :

٧-أ- خوشکەکەی ئازاد شوی کرد .

ب- ئازاد خوشکی هەیە .

لێرەدا مەرج نییە کە لە فەرهەنگدا وشەی ئازاد هەڵگری سیمای {+ خوشك} بێت. بۆیە ئەمە دەبێتە گریمانەی پێشەکی نەك واگەیاندن. بەڵام تاڕادەیەك لەیەکترییەوە نزیکن، هەربۆیە (لۆژیك ناسان بەپێچەوانەی زمانناسان لەو باوەڕەدان کە واگەیاندن جۆرێکە لە گریمانەی پێشەکی.)( صفوی123، 1380). بەڵام زمان ناسان هەریەکەیان بەدیاردەیەکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی پەیوەندییە واتاییەکان لە ئاستی ڕستە دادەنێن .

**٢-٣ هۆکارەکانی واگەیاندن**

کۆمەڵێك هۆکار هەن، کە دەبنە هۆی دروست بون و دیاریکردنی واگەیاندن و تەنانەت هەندێ جار ئەم هۆکارانە لە گریمانەی پێشەکیشی جیادەکاتەوە :

**٢-٣-١ ڕاستی و ناڕاستی**

ئەو ڕستانەی کە دەبنە واگەیاندن ڕاستی و ناڕاستییان پەیوەستە بە یەکترییەوە، بۆ نمونە :

٨-أ- باوکی هەڵۆ تیرۆرکرا.

ب- باوکی هەلۆ مردووە .

ئێمە دەزانین ڕستەی (أ) پەیوەستی واتایی ڕستەی (ب)یە، بەواتایەکی تر (ڕستەی (ب) ئەنجامی ڕستەی (أ) دیاریدەکات، ڕاستی ڕستەی (أ) ڕاستی ڕستەی (ب) دەگەیەنێت و ناڕاستی ڕستەی (أ) ناڕاستی ڕستەی (ب) دەگەیەنێت.) (احمد148، 2008). بەڵام لە ڕستەیەکی وەکو :

٩-أ- هاوسەری لانە مامۆستایە .

ب- لانە هاوسەر دارە .

لە ڕستەی (أ)ەوە پێشبینی گریمانەی ڕستەی دووەم دەکەین. بەڵام ئەگەر ڕستەی یەکەم ڕاست بێت، ئەوا ڕستەی دووەمیش ڕاستە، ئەگەر ڕستەی (أ) ناڕاست بێت، مەرج نییە و نابێت ڕستەی (ب) ناڕاست بێت، چونکە هەبونی مێرد مەرج نییە بە مامۆستایەتییەوە. ئەمە جیاوازی گریمانەی پێشەکی و واگەیاندنە .

**٢-٣-٢ پەیوەندیی واتایی**

هەندێ لە پەیوەندییە واتاییەکان هۆکارن بۆ دیاریکردنی واگەیاندن، بەتایبەتی هایپۆنیمی کە خۆی (پەیوەندییەکە لە نێوان ڕەگەزە تایبەتی و گشتییەکانی فەرهەنگدا، بە واتایەکی تر لەم پەیوەندییەدا وشەیەك دەشێ چەمکی وشەیەکی تر لەخۆی بگرێت.)( مدرسی1386،212) بۆنموونە وشەی (گوڵ) هەمو وشەکانی تری وەکو (نێرگز، نازناز، بەیبون...هتد) لەخۆدەگرێت، لەهەمان کات، بە کۆهایپۆنیمی خۆی، (گوڵ)یش دەبێت بە هایپۆنیم .

١٠- أ- گوڵ بۆنی خۆشە .

ب- نێرگز بۆنی خۆشە .

(گوڵ) هایپۆنیمە و (نێرگز) کۆهایپۆنمە، بەهۆی ئەم دو وشەیە، واگەیاندن لە نێوان ڕستەی (أ) و (ب) دروست بووە. ڕاستی و ناڕاستی هەریەکێکیان یەکسانە بە ڕاستی و ناڕاستی ئەویتریان .

**۲-۳-۳ڕۆنانی ڕێزمانی**

قسەکەر بەڕێگای جۆراوجۆر دەتوانێت واتای خۆی بگەیەنێت ، ئەمەش پەیوەندی بە ڕۆنانی ڕستەوە هەیە، هەندێ جار لە نێوان ڕۆنانە جیاوازەکانی یەك ڕستەدا واگەیاندن(ئینتێڵمێنت) دروست دەبێت، وەکو :

١١- أ- پۆلیس دزەکەی دەستگیرکرد .

ب- دزەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا .

ڕستەی (أ) بە فۆڕمی دیار هاتووە، ڕستەی (ب) بە فۆرمی نادیاری هاتووە. بەڵام لە نێوان چەمکی هەردو ڕستەکەدا پەیوەستی واتایی هەیە. (ئەو لێکچونەی لە نێوان ڕۆنانی دیارو نادیاردا هەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەشدارانی کارەکە لە هەردو بارەکەدا هەمان ئەرکی واتایی جێبەجێدەکەن، هەرچەندە پەیوەندی ڕێزمانی و شوێنی خۆشیان بگۆڕن.)( بەرزنجی86 ، 2008) لەڕوی لۆژیکی دروستی و نادروستی ئەگەر (أ) دروست بێت، ئەوا (ب)ش دروست دەبێت. بەپێچەوانەشەوە، بۆیە ئەمەش بەجۆرێك لە واگەیاندن دادەنرێت .

**۲-۳-٤داڕشتنەوە (paraphrese)**

داڕشتنەوە، مەبەست لێ ڕۆنان و دروستکردنەوەی فۆرمێکی ترە، لەو فۆرمەی کە لەبەردەست دایە، کە بە زۆری لە چوارچێوەی ڕستە و دەقدا دەبێت. بەواتایەکی تر (کردەیی یان ئەنجامی دروستکردنی شێوەی جیاوازە لەڕستەیەك یان دەقێك بەبێ گۆڕینی واتای ڕستەکە یان دەقەکە) (چگنی335، 1382) لە نێوان ڕستە و دەقە پارافرێزکراوەکاندا پەیوەست بونی واتایی(واگەیاندن) هەیە، دەبێت هەمان واتا هەبێت، واتاکەش پەیوەست بن بەیەکترییەوە، واتای هەر یەکێکیان واتای ئەوەی تریش بگەیەنێت. وەکو :

١٢- أ- هەواڵی مەرگت گریاندمی .

ب- هەواڵی مەرگت منی هێنایە گریان

ئەگەر ڕستەی (أ) لۆجیکی بێت و دروست بێت، ئەوا ڕستەی (ب)ش لۆجیکی و دروستە، بەپێچەوانەشەوە، چونکە پەیوەندی واتایی پەیوەست بونی واتایی لەنێوان ئەم دو ڕستەیەدا هەیە، کە بە ڕێگەی پارافرێز داڕێژراون .

**۲-٤پەیوەندی نێوان گریمانەی پێشەکی و واگەیاندن (Entailmen )**

ئەم دو دیاردەیە هەردوکیان دەچنە چوارچێوەی پەیوەندییە پەیوەندییە واتاییەکان لە ئاستی ڕستەدا، واتای ڕستەیەك دەشێ پێش گریمانەی واتای ڕستەیەکی ترمان بداتێ، یان دەشێ واتای ڕستەیەك پەیوەستی واتای هەبێت، لەگەڵ واتای ڕستەیەکی تردا، هەمان شت بگەیەنێت. (هەردوو دیاردەکە کت و مت وەك یەك نین، واتە بەشێوەیەکی سیمانتیکی هەریەکە و بۆشاییەك پڕدەکاتەوە، بۆیە دەکرێت سنورێکی دیار لە نێوانیاندا بکێشرێ.)(احمد150 ، 2008) بەم پێیە هەندێ لێکچون لەنێوانیاندا هەیە، سەرباری بونی هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا .

ئەوەی کە ئەم دو دیاردەیە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە لەنێوان ئەو دو ڕستەی کە دەبنە پەیوەستی واتایی(واگەیاندن)، پەیوەندیەکە لە ڕوی سیمانتیکییەوە حەتمەیەتی تێدایە، واتە ئەگەر (ڕ1) ڕاست بێت، حەتمەن دەبێت (ڕ2) ڕاستبێت، کاتێك کە (ڕ2) ناڕاست دەبێت حەتمەن (ڕ1) ناڕاست دەبێت. بەڵام ئەم حەتمییەتە لە گریمانەی پێشەکیدا نییە، چونکە لەوێدا واتای (ڕ2) بە هۆی (ڕ1)ەوە پێشبینی دەکرێت، بەڵام حەتمەییەت نییە، دەشێ واتای یەکێکیان ڕاست بێت و واتای ئەوەی تریان ناڕاست بێت. بۆیە هەر لەسەر ئەو بنەمایەوە دەتوانین بڵێین پەیوەست بونی واتایی سنوردارترە لە گریمانەی پێشەکی، چونکە دەشێ گریمانەی پێشەکی واتای پراگماتیکی و لێکدانەوەی بەپێی دەوروبەر تێبکەوێت، بەڵام ئەمە لە پەیوەست بونی واتاییدا ڕودانی زۆر دەگمەنترە، چونکە (جگە لە ڕاستی و ناڕاستی گونجاوی و نەگونجاویش لە گریمانەی پێشەکیدا دێتە ئاراوە، گونجاوی و نەگونجاوی پەیوەستە بە دەوروبەرو چوارچێوەی قسەکردنەوە، کە ئەمەش وەك واتایەکی پراگماتیکی لێکدانەوەی بۆدەکرێت.) (بڕوانە: صفوی136، 1380) بۆیە لە پەیوەست بونی واتاییدا ناگەڕێینەوە بۆ کلتورو دەوروبەری نازمانی، بەڵکو زیاتر دەگەڕێینەوە بۆ لۆژیك، بەپێچەوانەی گریمانەی پێشەکی کە زۆرجار پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کلتورو زانیارییە نازمانییەکانمان تاوەکو واتای ئەم دو ڕستەیە گریمانە بکەین .

لە پەیوەست بونی واتاییدا، ڕیشەیەکی فەرهەنگی قوڵ واتاکان پێکەوە پەیوەست دەکات، هەربۆیەش ناشێت، و پێویستە واتاکان حەتمیەت بن، واتە لە ڕوی ڕاستی و ناڕاستی و هەرگیز پێچەوانە نابنەوە. بەڵام ئەم ڕیشە فەرهەنگییە بە هێزە لە گریمانەی پێشەکیدا هەست پێناکرێت، بۆیە زۆرجار ئاوەژوبونەوە ڕودەدات .

**دەرەنجام:**

١-پەیوەست بونی واتایی(واگەیاندن) و گریمانەی پێشەکی دو دیاردەی دو واتایین لە ئاستی ڕستەدا دەردەکەون، کە واتای ڕستەیەك دەبێتە هۆی زانین و گەیاندنی واتایی ڕستەیەکی تر، بەجۆرێك لە هەردوکیاندا ڕستە وەك یەکەیەکی واتایی سەربەخۆ تەماشادەکرێت، بەڵام گریمانەی پێشەکی دەگەڕێتەوە بۆ زانیاری کۆن، بەڵام مەرج نییە ئەو زانیارییە ڕاستی ڕەهای هەبێت، و لای هەمو قسەکەرێکش هەمان شت بێت. بەڵام لە پەیوەست بونی واتاییدا(واگەیاندن)، واتای ڕستەکان پەیوەستە بە ڕاستی ڕەهاوە، دەبێت لای هەمو قسەکەران وەکو یەك بێت، پشتی بە ڕاستی ڕەها بەستبێت، ئەم ڕاستییە ڕەهایەش لەڕێگەی سیمای فەرهەنگییەوە دروست بوبێت و مەرجە سیماکەش نەگۆڕو جێگیر بێت .

٢-پەیوەست بونی واتایی کار لەسەر سیمای واتایی فەرهەنگی وشەکان دەکات، بەجۆرێك کە سیمایەکی واتایی لە واتای هەردو وشەکەدا ڕەها (حەتمی)بێت .

٣-پەیوەست بونی واتایی(واگەیاندن)  پەیوەستەبە لۆژیکەوە بۆیە دەشێ بڵێین پەیوەندییەکی لۆژیکییە، لە نێوان دو دەربڕاوی سینتاکسیدا، بەجۆرێك کە یەکە فەرهەنگییەکان لە چوارچێوەی سینتاکسدا پیشانی دەدەن. بۆیە پەیوەندی فەرهەنگ و سینتاکس لەم دیاردەیەدا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە .

٤-لە پەیوەست بونی واتاییدا، واتای فەرهەنگی ڕۆڵ دەبینێت واتای دەوروبەر و کلتورو بارکراو ئەو گرینگییەیان نییە، چونکە لەسەر بنەمای زانیاری پێشتر، کە لە فەرهەنگی سەرەکی و گشتی مێشکدا تۆمارکراوە، دەزانێت کە ئەم ڕستە و دەربڕاوانە چ دەگەیەنن و دورە لە تێڕوانینی دەوروبەر و خود .

**لیستی سەرچاوەکان**

-دزەیی،عبدالواحید مشیر، (٢٠١١)، زانستی پڕاگماتیک،چاپخانەی پاک،هەولێر.

-علی،شێرزاد صبری،(٢٠١٤)،پڕاگماتیک،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.

-Stephen C. Levinson,(1999),Pragmatics,teice,Combridge.

-Goerge Yuie,(2011), Pragmatics,، چاپ اولی ، چاپخانە نقرە فام

-محمود،ئاڤێستا کەمال،(٢٠٠٦)،پڕاگماتیکی ڕستەی پرسیارو فەرمان لەدیالێکتی کرمانجی خواروددا،نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان،زانکۆی سلێمانی.

-علی،بەکر عومەر،(٢٠٠٠)،میتافۆڕ لەڕوانگەی زمانەوانییەوە،نامەی دکتۆرا،کۆلێژی زمان،زانکۆی سلێمانی،

-کەریم،عومەر محمود،(٢٠٠٩)،سیمای پڕاگماتیکی و سیمانتیکی گریمانە پێشەکییەکان،نامەی دکتۆرا،کۆلێژی زمان،زانکۆی کۆیە.

-کەمال،دیار علی،(٢٠٠٩)،گوتاری سیاسی کورد لەڕوانگەی پێشگریمانەکانەوە، نامەی دکتۆرا،کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین.

-ەرزنجی، فەرەیدون عەبدول، (2008)، نادیاری، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان دوو زاری کوردیدا، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

احمد، محمود فتح الله ،(2008)، واگەیاندن لە زماندا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B ژمارە (24) تشرینی یەکەم، سلێمانی.

-چگنی، ابراهیم، (1382)،  دائره المعارفی زبانو زبانها، چاپ اول، دانیشگاه لرستان، نشر بهنام، تهران.

-مدرسی، فاطمه، (1386)، از واج تا جمله فرهنگ زبانشناسی-دستوری، چاپ اول، نشر چاپار، تهران.

-صفوی، کورش ،(1380)، نگاهی به (از پیش انگاری) از دو چشم انداز، نامه مفید، شماره بیست و هشتم، زمستان 1380، تهران.

-صفوی ،کورش، (1384)،  فرهنگ توصیفی معنی شناسی، چاپ اول، فرهنگ معاصر، تهران .

- صفوی، کورش، (1387)، در امدی بر معنی شناسی، چاپ سوم، انتشارات سورەمهر، تهران.

-سیما وزیرنیا، (1379)، زبان شناخت، چاپ اول، نشر قگره، تهران.